بسم الله الرحمن الرحيم

شەڕی جەمەل

شەڕی جەمەل :

نەیارەکان گەیشتنە بەصرە بە شێوەیەکی کتوپڕو ناگەهان، بۆیە خەڵکەکە شپرزە بوونو سەریان سوڕما، کولەیبی کوڕی شیهاب ـ شایەتحالێکی تابعی ڕاستگۆیە ـ دەڵێت:" هەواڵی کوژرانی عوسمان لەکاتێکدا پێمان گەیشت ئێمە لە غەزا دەگەڕاینەوە، کاتێك گەیشتینەوە بەصرە، زۆرمان پێنەچوو تاکو وترا: ئەوە تەڵحەو زوبەیرە، دایکی ئیماندارانیشیان لەگەڵدایە، ئیتر خەڵکەکە واق وڕمان، ئەمجا بینیمان کە ئەوان بە خەڵك دەڵێن کە لەبەر عوسمان دەرچوونە، وەکو تۆڵەسەندن بۆ ئەو و تەوبەکردنیش بۆ خۆیان لە بری پشتبەردانیان بۆ عوسمان، عائیشەیش (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێت: کاتی خۆی لەبەر ئێوە لە عوسمان تووڕەبووین بۆ سێ مەسەلە: بە فەرمانڕەواکردنی گەنجو تەرخانکردنی لەوەرگەو بەکارهێنانی دارو قەمچی بۆ لێدان، ویژدانمان نیە ئەگەر ئەمڕۆ لە سێ مەسەلەدا لێتان تووڕە نەبین بۆ عوسمان: دەستدرێژیتان کردە سەری لە مانگێکی قەدەغەکراو شارێکی قەدەغەکراو خوێنێکی قەدەغەکراو کە ڕشتان. خەڵکەکە وتیان: ئەی ئێوە بەیعەتتان نەداوە بە عەلی؟ نەچوونەتە ژێر فەرمانیەوە؟ وتیان: بەیعەتمان لەکاتێکدا داوە شمشێریان لەسەر گەردنمان بوو.[1]

نەیارەکان زاڵبوونە سەر بەصرەدا بێئەوەی عوسمانی کوڕی حونەیف کە فەرمانڕەوای بەصرە بوو لەلایەن عەلیەوە، بتوانێت هیچ بەرگریەك بکات لە ڕوویان، چونکە زۆربەی هۆزەکانی بەصرە خۆیان خستە پاڵیان، سەرەتا فەرمانڕەواکەش دەسگیرکرا، بەڵام دواتر بەریاندا بۆ ئەوەی خۆی بگەیەنێت بە عەلی... نەیارەکان ڕوویانکردە خەزێنەی موسڵمانان"بیت المال"و جێگای ئازووقە، لەوێ حەکیمی کوڕی جەبەلەی عەبدی کە یەکێك بوو لەوانەی بەشداری ئابڵووقەی ماڵی عوسمانیان کرد لە مەدینە، لەگەڵ حەوت سەدی کەسی تر ڕێگەیان پێگرتنو شەڕ لە نێوانیاندا هەڵگیرساو حەکیمی کوڕی جەبەلەو حەفتا کەسی تر کوژران لەوانەی کە بەشداری ئابڵوقەکەی ماڵی عوسمانیان کردبوو.[2]

---

١) الطبري: تأريخ ٤: صحيح. ٤٩٠ بسناد حسن.

٢) الطبري: تأريخ ٤: ٤٦٩ من مرسل الزهري باسناد صحيح اليه.

نەیارەکان بەسەرکردایەتی زووبەیری کوڕی عەوام دەستیان گرتە سەر شاری بەصرە،[1] هەڵوێستیشیان بەهێز بوو بە دەستبەسەراگرتنیان بۆ "بیت المال" کە ئاڵتوون و زیوی تیادا بوو[2].

عەلی هەستی کرد مەسەلەکە مەترسیدارە، ئەم دوبەرەکیە لەوانەیە دەوڵەتی ئیسلامی بەرەو هەڵدێر ببات، بۆیە بڕیاری دا نەیارەکانی بگێڕێتەوە بۆ گوێڕایەڵیی، بەڵام هەندێ لە گەورە هاوەڵان سستیان پێشاندا لە دەرچوون لەگەڵ عەلی، لەوانە سەعدی کوڕی ئەبی وەققاصو عەبدوڵڵای کوڕی عومەرو ئەبو مەسعودی ئەنصاری و عەبدوڵڵا کوڕی سەلامو ئوسامەی کوڕی زەیدو ئوهبانی کوڕی صەیفی...

چونکە ئەوان بۆچوونیان وابوو ئەم ڕووداوگەلی بشێونەیە نابێت کەس خۆی تێهەڵقورتێنێ. پێغەمبەری خواش ﷺ بەتایبەت هەندێ لە هاوەڵانی وریاکردبووەوە لە بەشداریکردن لەو ئاژاوانە، بۆیە ئەوانیش پۆزشیان هێنایەوە بۆ عەلی.

عەبدوڵڵای کوڕی سەلام هەوڵیدا عەلی پەشیمان بکاتەوە لە بڕیاری دەرچوونی بەرەو عێراق، وتی: "مەچۆ بۆ عێراق، مینبەری پێغەمبەر ﷺ بەرمەدە.. سوێند بەخوا ئەگەر بەجیبهێڵیت جارێکی تر نایبینیتەوە". ئەوجا کەسانێك لە دەوروبەری عەلی وتیان: ڕێگەمان بدە با بیکووژین. عەلی وەڵامی نەدانەوە وتی: عەبدوڵڵا پیاوێکی چاکەو لە خۆمانە.[3]

ئینجا عەلی لە مەدینەوە دەرچوو بەرەو عێراق، لە ناوچەی "الربذة"یش هێزەکانی ڕاگرتو لەوێ دووسەد کەسی تر هاتن بۆ ڕیزەکانیان.[4] ئەمجا بوون بە نۆ سەد کەس، حەسەنی کوڕی عەلی بە هەمان شێوە هەوڵی بەگەڕ خست بۆ پەشیمان کردنەوەی باوکی سەبارەت بە دەرچوون بەرەو عێراق، ئەو دەگریا بۆ ئەو جیاوازییو دووبەرەکیەی تووشی موسڵمانان بووە، بەڵام عەلی ڕازی نەبوو، هەر سووریش بوو لەسەر گێڕانەوەی نەیارەکان بۆ گوێڕایەڵی، بەڵگەشی ئەوەبوو کە ئەوان بەیعەتیان پێداوە لە مەدینە[5] لە شوێنی مانەوەی هێزەکانەوە لە "الربذة" عەلی دوو کەسی نارد بۆ هاندانی

١) البلاذري: انساب الاشراف ٢: ٣٩ باسناد صحيح.

٢) ابن ابى شيبة: المصنف ١٥. ٢٨٠ باسناد صحيح.

٣) ابن حجر: المطالب العالية"المسندة" ق. ٦٣-٦٣١ نقلا عن اسحق بن راهويه.

٤) الربذة: لادێیەکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی مەدینە لە دووری"٢٠٤"کم بە حوشتریش ماوەی سێ ڕۆژوو نیو بۆ حوشتری خێرا"علي ثائب العمري: النبذة فى ترجمة ابى ذر وتأريخ الربذة ص ٢٦٩".

٥) البلاذري: انساب ٢: ٤٥ ب.

خەڵکی کووفە، موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکری صدیقو موحەممەدی کوڕی جەعفەر، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لە قایلکردنی خەڵکی کووفە بە دەرچوون بۆ شەڕ، چونکە ئەبو موسای ئەشعەری کە فەرمانڕەوا بوو لەوێ پابەند بوو بە خۆبەدوورگرتن لە ئاژاوەو خەڵکیشی دەترساند لە بەشداریکردن.[1] ئینجا عەلی هەڵسا بەناردنی کەسێکی سێ یەم کە ئەویش هاشمی کوڕی عوتبەی کوڕی ئەبو وەقاص بوو، ئەویش بەهەمان شێوە سەرکەوتوو نەبوو لە کارتێکردنیان ئینجا عەلی بەڕێکەوت بەرەو "ذي قار" ـ نزیکی کووفە ـ و لەوێ سەربازگەی دامەزراند،[2] هەر لەوێشەوە جارێکی تر هەڵسا بەناردنی عەبدوڵڵای کوڕی عەباس، بەدوایشیدا حەسەنی کوڕی عەماری کوڕی یاسر بۆ لای خەڵکی کووفە بۆ هاندانیان بۆ دەرچوون، هەروەها ئەبوموسای ئەشعەری لەسەر فەرمانڕەوایی کووفە لابردوو، قورەزەی کوڕی کەعبی خستە جێگاکەی.[3]

سەرزەنشتی ئەبو موسای ئەشعەریو ئەبو مەسعودی ئەنصاری هیچ کاریگەریەکی نەبوو لەسەر عەمار، کە پیان وت پەلەت کردووە لەم کارە، بەڵکو لە ڕۆژی جومعە چووە سەر مینبەرو وتی: "بەڵێ سوێند بەخوا ئەوە خێزانی پێغەمبەرەکەتانە لە دونیاو قیامەتدا، بەڵام خوای گەورە تاقیتان دەکاتەوە، بۆ ئەوەی دەرکەوێت بزانێت گوێڕایەڵی پەروەردگارتان دەکەن، یان گوێڕایەڵی خێزانی پێغەمبەرەکەتان دەکەن"[4] بەم شێوەش عەمار شایەتی بەهەشتیدا بۆ عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت)، بەرچاوی خەڵکیشی ڕوونکردەوە کە ئەمە تاقیکردنەوەیە کە لە خواوە، بۆ ئەوەی بزانێت ئایا شوێن ئارەزووەکانیان دەکەون، یان ملکەچی ڕێگای ڕاست دەبن کە عەلی گرتویەتی، کە ئەو خەلیفەی شەرعیەو گوێڕایەڵی پێویستە.. دوای ئەم هاندانە، لە نێوان شەش هەزار تاکو حەوت هەزار کەسی خۆیان خستە نێو سوپای عەلی لە (ذي قار)، هەروەها دوو هەزاری تر لە بەصرە لە هۆزی عەبدوولقەیس ـ کە حەکیمی کووڕی جەبەل لە ئەوانەـ هاتنە نێو سوپاکەی عەلیەوە، دواتر هەندێك

---

١)ابن ابی شیبة: المصنف ١٥: ٩٩-١٠٠ باسناد ص٢٧٤، والبخاري: التأريخ الكبير (:٦٧، والحاكم: المستدرك ٣: ١١٥، والذهبي: تأريخ الاسلام (الخلفاء الراشدون) ٤٨٧.

٢) ابن ابی شیبة: المصنف ١٥:١٢ باسناد ص، وابو داود: التی (مع شرح الخطابي) ٤: ٤٥٧ باسناد، والترمذي: السنن ـ نسخة تحفة الاحوذي ـ٦ـ: ٤٤٦ حديث رقم ٢٣٠٠ وقال: اسنادة صحيح رجاله كلهم ثقات رجال البخاري. الطبري: تأريخ٤: ٤٤٧ وفيه محمد بن ابی ليلى سيئ الحفظ، وابن حجر: فتح الباري ١٣: ٥٨.

٣) الطبري: تأريخ٤: ٤٥٢ بسند صحيح الى الزهري مرسلا.

٤)البخاري: الصحيح (فتح الباري ١٣: ٥٣ و١٣: ٥٨) نقلاً عن ابن ابی شيبة وصحح الحافظ سنده.

هۆزی تریش بە هەمان شێوە پەیوەندیان کرد بە سوپاکەی عەلی، تا ژمارەیان گەیشتە نزیکەی دوانزە هەزار کەس، هەشت سەدیان لە ئەنصار بوون، چوار سەدیشیان لەوانەبوون کە ئامادەی بەیعەتی (رضوان) بوون،[1] عەلی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك هێزەکانی لە (زاویە) ڕاگرت، داواشی کرد لە ئەحنەفی کوڕی قەیس کە ڕێگای خەڵکی نەدات بچنە لای زوبیر- ئەحنەف یەکێك بوو لەوانەی بەیعەتیان بە عەلی دابوو لە مەدینە- بە ئەمەکیش بێت بۆ ئەو بەڵێنەی بە تەڵحەی داوە کە دوور بگرێت لە شەڕەکان.[2]

بەرەنگاری لەلای کۆشکی عەبدوڵلا دروست بوو، لە نێوان عەلی لە لایەکەوە وە زووبەیرو لایەنگرانی لەلایەکی ترەوە، هەندێ هەوڵیش درا بۆ هەڵنەگیرسانی جەنگ لە لایەن ئەوانەی کە بڕیاریان دابوو شەڕنەکەن "کەعبی کوڕی سوور دەرچوو قوورئانێکی بە دەستەوە بوو، ئامۆژگاری ئەمانی دەکرد، ئامۆژگاری ئەوانی دەکرد، تا تیرێکی بۆهاتو کوشتی".[3] بەهەمان شێوە عیمرانی کوڕی حوصەینی هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ، ڕەوانە کراوێکی نارد بۆ لای بەنی عەدی ئامۆژگاریان بکات بە دورکەوتنەوە لەو شەڕە: "من بۆ ئێوە ئامۆژیارم، سوێند دەخۆم بە پەروەردگار کە ئەگەر کۆیلەیەکی حەبەشی لووت بڕاو بێت لەسەر شاخێدا چەند بزنێك بلەوەڕێنێت تاکو دەمرێت، پیخۆشترە لەوەی تیرێك بهاوێژێت لە یەکێك لە دوو کۆمەڵەکە بپێکێت یان نەیپێکێت" ئەوانیش وەڵامی نێردراوەکەیان نەدایەوە: "لێمان گەڕێ ئەی لاو، چونکە ئێمە خێزانی پێغەمبەر ﷺ بۆ هیچ شتێك بەجێناهێڵین"[4]

ئینجا خەڵکیی هەڵوێستی خۆیان دیاریدەکرد، لە ڕێگەی پرسیارکردن لە گەورە هاوەڵان، جاری واشبوو فەتواکە لە زیانی فەتوا دەرکەرەکە تەواو دەبوو، جارێك یەکێك لە کۆیلەکانی هۆزی ڕەبیعە

---

١) عبد الرزاق: المصنف ٥: ٤٥٦-٤٥٧، والطبري: تأريخ٤: ٥٠٨ كلامها باسناد صحيح الى الزهري: وخليفة بن خياط: التأريخ ١٨٤ من مرسل سعيد بن جبير، والبلاذري: انساب الاشراف ٢: ٤٥ بسند صحيح وتعتضد الطرق.

٢) الدانى: الفتن ١٩٤-١٩٥ أ والطبري: تأريخ٤. ٥٠٠ ـ ٥٠١.

٣) ابن سعد: الطبقات ٧: ٩٢ء صحيح ابن حجر (فتح الباري ١٣ ـ ٣٤).

٤) ابن سعد: طبقات ٤: ٢٨٧- ٢٨٨ باسناد صحيح، والطبراني: المعجم الكبير ١٨: ١٠٥، والطبري: تأريخ ٤: ٥٢، تعتضد هذه الطرق الى الصحيح لغيره.

پرسیاری کرد لە زوبەیر دەربارەی هەڵوێستی کۆیلەکان: "کۆیلەکان لەگەڵ کێ دەبن؟ وتی: لەگەڵ سەرگەورەکانیان. وتمان: سەرگەورەکانمان لەگەڵ عەلی دان. وتی: گریمان بەردێکمان دەرخوارد درا"[1].

پێش هەڵگیرسانی شەڕەکە بە سێ ڕۆژ، خێوەتێك هەڵدرا لە نێوان هەردوو سەربازگەکەدا، عەلیو تەڵحەو زوبەیر بەیەکگەیشتن لە هەوڵێکدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەکی ئاشتیانە بۆ ئەم کێشەیە،[2] هەروەها عەلی هەڵسا بە ناردنی عەبدوڵڵای کوڕی عەباس بۆ لای تەڵحەو زوبەیر، لیان بپرسێت: "ئایا عەلی کارێکی داهێناوە لە خیلافەتدا، شایانی تورەیی ئێوە بێت، وەکو ئەوەی ستەمی کردبێت، یان بەشێکی لە دەستکەوتەکان بۆ خۆی بردبێت، یان لە فلانە شتدا؟ زوبێر وتی: هیچ شتێك لەوانەی نەکردووە"[3].

هەردوو لایەنەکە لە ئەو سێ ڕۆژەدا نەیانتوانی بە چارەسەر بگرن، ئینجا پیاوێك پێشنیاری کرد بۆ زوبەیر عەلی بکوژێت لەناکاودا، دوای ئەوەی کە وادەربخات دەیەوێت بچێتە سوپاکەیەوە، بەڵام زوبەیر ئەوەی ڕەتکردەوە، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: "لا یفتك مؤمن" واتە: ئیماندار بەد ڕەوشتانە پەلامار نادات.

لە ڕۆژی چوارەم پێکدادان ڕوویدا لە نێوان هەردوو سوپاکەدا، ڕیوایەتێکی ڕاستیش هەیە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە سوپای زبەیرو تەڵحە یەکەمجار شەڕیان دەستپێکردووە، عەلی دوای نوێژی نیوەڕۆ فەرمانیدا بە دەستپێکردنی شەڕەکە، کە بەردەوام بوو بۆ ماوەی چەند سەعاتێك" تاکو خۆرئاوا بوو، یەك کەس بە زیندوویی نەما لەوانەی بەدەوری حوشترەکەدا بەرگریان لێدەکرد"،[4] دیمەنی کارەساتەکە زیاترو زیاتر ڕووندەبێتەوە، دڵەڕاوکێ تووشی زوبەیر دەبێت، کە سەرکردەی یەکەمە دەربارەی شەرعیەتی ئەم جەنگە، بە چاوی خۆی گەورەیی بەڵاکەو جیاوازی خەڵکی دەبینێ، بۆیە گۆڕەپانی جەنگ بەجێدەهێڵێ بێئەوەی شەڕبکات[5]، عومەیری کوڕی جەرمووز و دوو

---

١) الداني: الفتن ١٦ ب وفى اسناده ابو كنانة شاهد عيان مجهول الحال (البخاري: التأيخ الكبير ٨:٦٥).

٢) احمد: فضائل الصحابة ٢: ٥٩٦ بسند صحيح، وابن ابى شيبة: المصنف ١٥: ٢٦٧.

٣) هەردوو سەرچاوەی پێشوو.

٤) ابن ابى شيبة: المصنف ١٥: ٢٨٦ ـ ٢٨٧ باسناد صحيح (ابن حجر: فتح الباري ١٣: ٥٧)

٥) الحاكم: المستدرك ٣: ٣٦٦ باسناد صحيح، وانظر الذهبي: تأريخ الاسلام (الخلفاء الراشدون) ٥٠٥.

کەسی تر شوێنی دەکەون تاکو سەفوانو لەوێ لەناکاو دەیکوژن[1]. بەم شێوەیش ژیانی سەرکردەی یەکەم کۆتایی پێهات، بەدوای ئەویشدا سەرکردەی دووەم، کاتێك مەروانی کوڕی حەکەم تیرێکی بۆ هاوێشتو کوشتیو لەلای (شط الکلأ[2] نێژرا. عەبدولڵای کوڕی زوبەیریش بە خەستی بریندار بوو، لە ناوەڕاستی کوژراوەکان دەرکراو زیاتر لە چل برین بەلاشەیەوە بوو[3] ئینجا "کەسانێکی زۆر لە دەوری عائیشە کوژران لەو ڕۆژەدا، حەفتایان تەنها ئەوانە بوون کە هەموو قورئانیان لەبەر بوو، ئەوانەیش کە قورئانیان لەبەر نەبوو زۆرتر بوون"[4].

ئەبوڕەجا عیمرانی کوڕی میلحانی عوتاریدی ـ شایەتحاڵە ـ دەڵێت: "لەو ڕۆژەدا حوشترەکەم بینی دەتووت ژوژوە، ئەوەندە تیری پێوە بوو، کەسێکیش ڕەشمەکەی گرتبوو، دەیووت:

"نحن بنو ضبة أصحاب الجمل

ننازل الموت إذا الموت نزل

والموت أحلى عندنا من العسل

نبغى ابن عفان بأطراف الأسل"،[5]

واتە: ئێمە نەوەی (ضبة)ین، خاوەن حوشترەکەین، زۆران لەگەڵ مردن دەکەین کە مردن بێت، مردنیش بەلامانەوە لە هەنگوین شیرینترە، بە نووکی ڕمەکانمان تۆڵەی عوسمان دەکەینەوە.

عائیشە لەسەر حوشترێکی سوور بوو، لەناو کەژاوەیەکی سووردا،[6] پێشتریش لە میربەد قسەی کردبوو، نەفرینی لە بکوژانی عوسمان کردبوو[7]، لایەنگرانی "هاواریان دەرکرد بە بکوژانی عوسمان"، جا کاتێك ئەوە بە عەلی گەیشتو وتی :"خوایە بکوژانی عوسمان ڕووڕەش بکەیت"[1].

---

١) ابن سعد: الطبقات ٣: ١١٠ باسناد صحيح (ابن حجر: الاصابة (٢٥٦)، وخليفة: التأريخ ١٨٦، وابن أبي عاصم: الآحاد والمثاني (:١٦٠).

٢) ابن سعد: الطبقات ٣: ٢٢٣ باسناد صحيح، وخليفة: التأريخ ١٨٦، وابن ابي شيبة: المصنف ١٥: ٢٢٩، والحاكم: المستدرك ٣:٣٧٠.

٣) ابن سعد: تأريخ دمشق ـ ترجمة عبدالله بن الزبير ـ ص ٤٢٧ نقلا عن يحيى بن معين باسناد صحيح.

٤) ابن سعد: الطبقات الكبرى ٤: ٢٨٧ ـ ٢٨٧ باسناد (صحيح لغيره، وابو نعامة توبع (الطبراني: المعجم الكبير ١٨ : ١٠٥)، ورواية عمر حميد بن جلال في صحيح مسلم (بشرح النووي) ٢:٨ فلا يضر اختلاطه.

٥) خليفة: التأريخ ١٩٠ باسنادصحيح.

٦) الطبري : التأريخ ٤: ٥٣٣ باسناد فيه مقبول فيحتاج الى متابعة، لكن الرواية مما يتساهل فيه.

٧) ابن ابي شيبة: المصنف ١٥: ٢٦٨ باسناد صحيح.

ئینجا دەنگی پاڕانەوە بەرز بوویەوە لەناو هەردوو سەربازگەکە.. حاریسی کوڕی سوەیدی کووفی ـ شایەتحاڵێکی متمانە پێکراوە ـ دەڵێت :"لە ڕۆژی شەڕی جەمەلدا، ڕمەکانی ئێمەو ئەوان لەیەکیان دەدا، پیاوان بیانویستبا لەسەری ڕیان دەرکرد، دەیانووت: (الله اکبر، سبحان الله، الله اکبر). هەندێ دەنگ بەرزدەبوویەوە باسی هەڵوێستی جەنگاوەرەکانی دەکرد لە ڕووی ئاینیەوە "گومانی تێدانی یە" واتە: گومانیان نی یە لەوەی کە شەڕکردن لەگەڵ بەرانبەرەکەیان ڕەوایە. هەروەها دەبیسترا گومان لە شەرعیەتی شەڕکردن، هەروەها دەوترا "پێمخۆشنەبوو نەهاتبام"،[2] دووپاتکردنەوەی ڕوونیی دیدی شەرعیی لە شەڕکردن لەگەڵ سوپای عەلی.

کوژراو لە هەردوو کۆمەڵەکە پەیتا پەیتا دەکەوتن"لە ڕۆژی جەمەل بیست هەزار کەس کوژران"[3] ژمارەکە زیادەڕۆیی تێدایە، بەڵام دەربڕین دەکات لە قووڵی هەستکردن بەتاڵی ڕووداوەکە ـ "دووهەزار کەس لە ئەزد کوژرا، هەشت سەدیش لەبەنی (ضبة)" ـ بەنی (ضبة) لە هۆزی تەمیم ـهەردوو گێڕەوەکەش لە بەنی تەمیمن، یەکێکیان جێگای متمانەیە، ئەوی تر ڕاستگۆیەو (ناصبی)یە[4] بەڵام ڕیوایەتی تەبەری لە یەکێکیانەوە دەگێڕێتەوە کە "لە ڕۆژی جەمەلدا دوو هەزارو پێنجسەد کەس کوژران، هەزارو سێ سەدو

پەنجا لە هۆزی ئەزد، هەشت سەد لە بەنی (ضبة)و سێ سەدو پەنجا لە خەڵکانی تر"[5].

بەم شێوەیش سوپای نەیارەکان سەرکردەکانیان لە دەستدا، شەڕیش گەرمبوو لە دەوری حوشترەکەی عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت)، ئیتر عەبدوڵڵای کوڕی بودەیل فەرمانی کرد بە سەربڕینی حوشترەکە بۆ ئەوەی شەڕەکە ببڕێتەوە، دوایی دابەزی لەگەڵ موحەممەدی برایداو کەژاوەکەیان هەڵگرت تاکو لە بەردەستی عەلی دایانگرت، ئەمجا عەلی فەرمانی کرد ببرێت بۆ ماڵی عەبدوڵڵای کوڕی بودەیل.[6]

---

١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ١٥: ٢٢٧ باسناد صحیح.

٢) خلیفة: تأریخ ١٩٨ باسناد صحیح.

٣)خلیفة: التأریخ ١٨٦ باسنادین ضعیفین احدهما فیه انقطاع والاخر فیة مجاهیل.

٤) خلیفة: التأریخ ١٨٦ مرسلا، والطبري: تأریخ ٤: ٥٤٥ باسناد صحیح.

٥) البلاذری: انساب الاشراف ٢: ١٤٥، والطبری، تأریخ ٤: ٥٤٥.

٦) ابن ابی شیبة: المصنف ١٥: ٢٨٤ ـ ٢٨٥ باسناد جید (ابن حجر: فتح الباري ١٣: ٥٧).

"زۆری پێنەچوو خەڵکی بەصرە هەڵهاتن، ئەمجا کەسێك لە لایەن عەلیەوە هاواری کرد: هەڵهاتوو ناکوژرێت، کەسیش بۆی نی یە هەڵکوتێتە سەر بریندارەکان، هەر کەسێکیش چەکی فڕێدا دەستی بۆ نابرێت"[1].

هەردوو لایەنەکە بەزیانەکانی خۆیان زانی، ئینجا بەخۆدا چوونەوە هاتە جێگەی خەشمو قین، پەشیمانی دڵەکانیانی داڕزاند، خەریك بوو گیانیان لە دەست دەدا لە خەمی ئەو ڕووداوە، کە موسڵمانان تیایدا بە شمشێرەکانیان بەرانبەر یەکتریانگرت لە ئاژاوەیەکی ناوخۆیدا ئێستا بەتەواوی ئاشکرا بوو، کە نەیانتوانی خۆیانی لێبەدوور بگرن، بەردەوامیش بوون تاکو کوژراوێکی زۆر لە چاکترینی موسڵمانان لە هەردوولا نەکەوت، بەبێ هیچ دەستکەوتێك بۆ بەرژەوەندی دونیاو دواڕۆژ، بەڵکو پەشیمانی تەنانەت لەکاتی جەنگیشدا دڵی سەرکردەکانی داگرت، حەسەنی کوڕی عەلی باسی باری دەروونی باوکی دەکاتو دەڵێت: "من ئەوم بینی لە گەرمەی شەڕدا پەنای بۆ من دەهێناو دەیوت: ئەی حەسەن، خۆزگە پێش ئەم شەڕە بە بیست ساڵ بمردایەم"[2].

کاتێ چاوی کەوت بە موحەممەدی کوڕی تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا بە کوژراوی، وتی: "انا لله وانا الیه راجعون، سوێند بەخوا گەنجێکی خواناس بوو" دوای ئەوە دانیشت بەماتیو غەمباری.[3]، عیمرانی کوڕی تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا دوای چەند ساڵێك سەردانی عەلی کرد، عەلی پێشوازی لێکردو وتی:"ئومێدم هەیە منو باوکت، خوای گەورە لەوانەمان بگێڕێت کە دەربارەیان فەرموویەتی (اخوانا علی سرر متقابلین)"[4] زەویەکانیشی بۆ گێڕایەوەو وتی: "ئێمە ئەم چەند ساڵە زەویەکانتمان نەبردووە وەکو زەوتکردن، بەڵکو لەبەر ئەوەی خەڵکی داگیری نەکەن"[5]. زۆرجاریش

---

١) سعيد بن منصور: السنن ٣٣٧ ـ ٣٣٨ باسناد صحيح واحد: المسند١ : ١٠٢، وابن ابي عاصم: السنة ٢: ٦١٠، واحد: فضائل الصحابة ٢: ٧٣٧، والطبراني: المعجم الكبير١: ٨٣، وابن ابي شيبة: المصنف ١٥: ٢٦٧.

٢) ابن ابي شيبة: المصنف ١٥: ٢٨٨ باسناد صحيح، و عبدالله بن احمد: السنة ٢ : ٥٦٦، ونعيم بن حماد: الفتن١: ق١٩ب، والطبراني: المعجم الكبير (:٧٢ حديث رقم ٢٠٣).

٣) الحاكم: المستدرك ٣:١٠٣ ـ ١٠٤، ٣٧٥ باسناد صحيح لغيره، ونعيم بن حماد: الفتن ١: ١٨١ باسناد صحيح.

٤) ١٤٤٥ الحجر٤٧.

٥) ١٤٤٦ ابن سعد: الطبقات الكبرى ٣: ٢٢٤، والبلاذري: انساب الاشراف ١٣: ق ٨٥ب ـ ٨٦أ، والطبري: تفسير ١٤: ٣٧، والحاكم: المستدرك ٣:٣٧٦ وصححه ووافقه الذهبي.

ئەم ئایەتەی دەخوێندەوەو خۆشەویستی بۆ تەڵحەو زوبەیر پیشان دەدا، سەرەڕای ناکۆکیان.[1] کوڕی سێ یەمی تەڵحەش، بەدوای شەڕەکەدا یەکسەر بەیعەتیدا بە عەلیو گەڕایەوە ناو ماڵو حاڵی خۆی، نەیارەکان دڵنیا بوونو چوونە لای عەلیو بەیعەتیان پێدا،[2] ئاوها عەلی بە ئەمەك بوو بەرانبەر بە براکەی کە شەڕی لەگەڵ کرد بە تەئویلکردن. سەبارەت بە تێڕوانینیشی بۆ زوبەیری کوڕی عەووام، بەدوای کوژرانیدا وتی: "مژدە بدەن بە بکوژی کوڕی صەفیە بە دۆزەخ".[3]

داخو پەژارە لەسەر ئەو ڕووداوە تەنها تایبەت نەبوو بە عەلیەوە (ڕەزای خوای لێبێت)، ئەوەتا عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) دەڵێت: "خۆزگە چڵە دارێکی تەڕ بووایەمو بۆ ئەم شوێنە نەهاتبام"،[4] هەروەها دەڵێت: "خۆزگە جەرگم بسووتایە بە دەی وەکو حاریسی کوڕی هیشام، بەڵام لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر ئەم ڕێگام نەبڕیبا"،[5] هەروەها وتویەتی:"ئەمە چارەنوس بوو"[6] جا ڕەحمەتیشی دەنارد بۆ کوژراوانی هەردوولا کاتێك باسدەکران، ڕەحمەتی دەنارد بۆ تەڵحەو زوبەیرو زەیدی کوڕی صەدحان، کە ئەمەی دوایی لەگەڵ عەلیدا بوو، بۆیە خالیدی کوڕی واشیمە وتی: ڕەحمەتی خوات لێبێت، ڕەحمەتیان بۆ دەنێرێتو ئەوان یەکتریان کوشتووە، سوێند بەخوا پێکەوە لە بەهەشت کۆنابنەوە هەرگیز!! وتی: ئایا نازانیت بەزەیی خوا فراوانەو بە توانایشە لەسەر ئەنجامدانی هەرشتێك. خالید وتی: جا ئەو لە من چاکتر بوو.[7]

ئاژاوە تەنانەت دەستکەوتەکانی شەڕیشی لێنابینرێت، عەلی لە ڕۆژی جەمەلدا هەڵسا بەدابەشکردنی ئەو چەكو ولاغانەی[8] نەیارەکان دەستیان بەسەردا گرتبو لەسەر سەربازەکانی، پێنج

---

١) احمد: فضائل الصحابة ٢: ٦١٨ باسناد صحيح.

٢) ابن ابى شيبة: المصنف ١٥: ٢٧٦، وابو العرب: المن ٣٥٠.

٣) ابن سعد: الطبقات ٣: ١٠٥، والطيالسي: المسند ٢٤، واحمد: المسند ١: ١٠٢، وفضائل الصحابة ٢: ٧٣٧، وابن ابى عاصم: السنة٢: ٧٣٧ باسناد صحيح مداره على ابى عاصم بن بهدلة صدوق له اوهام.

٤) ابن ابي شيبة: المصنف ١٥: ٢٨١ باسناد صحيح.

٥) الحاكم: المستدرك ٣: ١١٩ باسناد حسن، والهيثمى: مجمع الزوائد ٧: ٢٣٨ وفى سنده ابو معشر نجيح ضعيف.

٦) ابن ابي شيبة: المصنف ١٥: ٢٨١، والبلاذري: انساب الاشراف ٢: ١٤٦ واسناده حسن، لان رواية احمد بن يونس عن ابي بكر بن عياش فى صحيح البخاري (فتح الباري ١٣: ٤٧٣)

٧) البيهقي: السنن الكبرى ٨: ١٧٤ باسناد حسن وساق له طرقاً اخرى.

٨) ابن ابي شيبة: المصنف ١٥: ٢٦٣ باسناد (ضعيف، ٢٨١ باسناد حسن).

سەد[1] درهەمیشی دایە هەریەك لە جەنگاوەرەکان و هیچی تر.. کەوابوو "عەلی لە ڕۆژی جەمەلدا کەسی بە کۆیلە نەگرتو پێنجیەکیشی دابەشنەکرد، وتیان ئەی ئەمیری باوەڕداران، ئایا پێنجیەکی ماڵەکانیان دابەش ناکەیت؟ وتی: ئەوە عائیشەیە بزانە چی دەڵێن: وتیان: "هەرچی هەیە هەر ئەوەیە"[2].

چەند ڕیوایەتێکیش یەکدەگرن بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاوبۆچوونی عەلی لە فەرمانی شەرع لەوەی کە ڕوویدا لە بشێونەو شەڕ "عەلی (رەزای خوای لێبێت) پرسیاری لێکرا دەربارەی ئەهلی جەمەل، ئەویش وتی: برامانن ستمیان لێکردین، ئێمەش شەڕمان لەگەڵدا کردن، ئەمجا ئەوان گەڕانەوە، ئێمەیش لێمان قبوڵ کردن"[3] لەڕاستیدا فەرمانەکانی شەرع دەربارەی سنووربەزێنەکان (البغاة) پێویستی بە ڕوونکردنەوە بوو، بۆیە عەلی ڕوونی کردەوە بە بیرو هۆشێکی شەرعناسانەی قووڵو گیانێکی تێر لە تێگەیشتنی مەبەستەکانی ئیسلامو ئامانجە بەرزەکانی. "عەممار لە ڕۆژی جەمەل، بە عەلی وت: پێت چۆنە ژنو منالیان بە کۆیلە بکەین؟ وتی: بەڵکو ئێمە تەنها شەڕمان لەگەڵ ئەوانەدا کرد کە کردمان ـ واتە: ئەو شەڕکردنی لەگەڵیان بە ڕەوازانی وەکو بەرگریی لە خۆکردن، چونکە نەیارەکان دەستیان کرد بەشەڕ ـ عەممار وتی: ئەگەر شتێکی ترت بوتایە ڕازی نەدەبوین"[4].

(حافظ)ی زوهری یەکدەنگی هاوەڵان دەگێڕێتەوە سەبارەت بە پارێزراوی ماڵو خێزانی ئەو کەسانەی بە لێکدانەوە (تأویل) دەردەچن لە گوێڕایەڵی خەلیفە... "..ئاژاوەی یەکەم کە ڕوویدا هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ لەوانەی کە بەشداریی بەدریان کردبوو، زۆر بوون. بۆچوونیشیان لەسەر ئەوە کۆبوویەوە سزای شەرعی جێبەجێ نەکرێت لەسەر کەسێك کە ئافرەتێکی بۆ خۆی بە ڕەوا بینیوە بە لێکدانەوە (تأویل)ی قورئان، بەهەمان شێوە سزای تۆڵەسەندن (قصاص)یش ڕاگیراوە لە دژی کەسێکدا کە کوشتنی ئەنجام دابێت بە (تأویل)ی قورئان، نە ئەو دەسکەوتانەشیان لێوەردەگیرێتەوە

١) ابن ابي شيبة: المصنف ١٥: ٢٦٣ باسناد حسن.

٢) ابن ابي شيبة: المصنف ١٥: ٢٥٧ باسناد صحيح، والبيهقي: السنن الكبرى ٨: ١٨٢.

٣) البيهقي: السنن الكبرى ٨: ١٨٢ بسند فيه العطاردي ضعيف فى غير سماعه لسيرة ابن اسحق، وابن ابي شيبة: المصنف ١٥: ٢٥٦ـ ٢٥٧ مرسل ابس البختري ١٥: ٢٥٨، ٢٧٧ مرسل محمد الباقر.

٤) ابن ابى شيبة: المصنف ١٥: ٢٦٩ـ ٢٧٠ باسناد صحيح ، والبيهقي: السنن الكبرى ٨: ١٨١ ـ ١٨٢.

كه بەهەمان ڕێگا بە دەستیان كەوتووە، مەگەر شتێك بێت هی كەسێكی دیاریكراوبێت، ئەوە پێویستە بدرێتەوە خاوەنەكەی"[1]

چەندین ڕیوایەتیش یەكدەگرن، ئەوە دوپاتدەكەنەوە كە پێغەمبەر ﷺ عەلی ئاگاركردوەتەوە سەبارەت بە مەسەلەیەك كە ڕوو دەدات لە نێوان خۆیو عائیشەدا، ڕاسپاردەشی پێكردووە چاكەی لەگەڵدا بكات، بۆیە ڕووداوەكانی ئاژاوە، نیشانەیەكە لە نیشانەكانی پێغەمبەرایەتی، كە لە نەوەی هاوەڵاندا (ڕەزای خوایان لێبێت) هاتەدی[2]

١) ابن ابي شيبة: المصنف ١٠: ١٢٠ـ ١٢١ باسناد صحيح الى الزهري.

٢) الهيثمى: كشف الاستار ٤: ٩٣ـ ٩٤ نقلا عن البزار، واحمد: المسند ٦: ٣٩٣ من زوائد ابنه عبدالله، والطبراني: المعجم الكبير ١: ٣١٤ رقم ٩٩٥ ومداره على الفضيل بن سليمان وهو صدوق له خطأ كثير (التقريب ٢٩١٢) ولكن ابن حجر حسَّن سند عبدالله و البزار (فتح الباري ١٣: ٥٥) وله شاهد حسنه ابن عساكر (مناقب امهات المومنين ٧١ رقم ١١).